Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕەنگدانەوەی جەنگی دەروونیی لە گوتاری ڕۆژنامەگەریی پارتە کوردییەکاندا

**بەهرۆز عەلی ڕەسوڵ[1] - عومەر ئەحمەد ڕەمەزان[2]**

[1]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، بە ڕێگای شیکاری ناوەڕۆک، هەوڵی داوە وەسفی چەندێتی و چۆنێتی (جەنگی دەروونیی) بکات لە گوتاری هەردو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و ڕۆژنامەی (خەبات) ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستنی ئاستی ڕەنگدانەوەی جەنگی دەروونیی لەناو پەیامی ڕۆژنامەگەریی پارتە کوردییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیاردەی جەنگی دەروونییدا، کە لە کۆتایدا گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک لەوانە؛ ئامرازی (چەواشەکاریی میدیایی) وەک ئامرازی جەنگی دەروونی، لەلایەن ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکەدا، لە هەموو ئامرازەکانی تر زیاتر بەکارهاتوە بۆ بەرپاکردنی جەنگی دەروونیی، کە دەگاتە ٤٠٪ سەرجەم ئامرازەکانی تر، هەروەها بەدوایدا ئامرازی (پڕوپاگەندە) هاتوە، کە ٢٧٪ی کۆی ئامرازەکانی جەنگی دەرونی پێکدەهێنێت، بەدوایدا ئامرازی (واتەوات) بەپلەی سێیەمی ئامرازەکانی جەنگی دەروونیی هاتوە، کە دەگاتە ٢٦٪ کۆی ئامرازەکانی جەنگی دەرونی. لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکە دەریخستوە هەردو ڕۆژنامەکە، لە ڕوداوە نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان، جەنگی دەرونییان ئاراستەی (لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی دەسەڵات و لایەنە ئیسلامییەکان و چالاکوانانی سەربەخۆ) کردوە، بەڵام لەمیانی هەڵمەتی کێبرکێی هەڵبژاردنەکان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زیاتر پەیامی جەنگی دەرونیی ئاراستەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردوە و بەپێچەوانەشەوە ڕۆژنامەی خەبات، جەنگی دەرونی ئاراستەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کردوە.

**کلیلە وشەکان:** جەنگی دەرونی، ڕۆژنامەگەریی حیزبی. ڕەنگدانەوەی ڕۆژنامەگەریی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

**Received:** 18-May-2022

**Accepted:** 21-June-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

bahrozraswl@yahoo.com

Omer.ramazan@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی جەنگی دەرونیی لە گوتاری ڕۆژنامەگەریی پارتە کوردییەکاندا) لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم تایبەتە بە (میتۆدنامە) کە پرسیارو ئامانج و گرنگی و جۆرو ئامرازەکان و کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە، هەروەها بەشی دوەم تایبەتە بە (چوارچێوەی تیۆری) کە لایەنی تیۆری لەخۆگرتوە و پێکهاتوە لە پێناسەی (جەنگی دەرونی) لەگەڵ دەستنیشانکردنی جۆرو ئامرازەکانی جەنگی دەرونی، کە بریتین لە: پروپاگەندە و چەواشەکاریی میدیایی و واتەوات.

هەروەها بەشی سێیەم تایبەتە بەلایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و لە چەند باسێک پێکهاتوە، کە خستنەڕوی داتا و زانیارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە، لەڕێگەی جەند خشتەیەکی شیکارییەوە بەشیوەی چەندێتی زانیارییەکانی هەڵێنجاوە و دواتر بە شیوەی چۆنێتی شیکاری ناوەڕۆکی بۆکراوە.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا و لەبەر ڕۆشنایی زانیاری و شیکاری ناوەرۆکی بابەتی سامپلەکانی ناو کۆمەڵگای توێژینەوەکە، توێژەر چەند ئەنجامێکی خستوتەڕو و بەگوێرەی ئەو دەرەنجامانە کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیازی بۆ لایەنی پەیوەندیدار خستوتەڕو.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### ١- کێشەی توێژینەوە

بەرپاکردنی جەنگی دەرونی لەناو ڕۆژنامەگەریی حیزبی، لەهەرێمی کوردستان ڕەگ و ڕیشەی لە پێشینەی هەیە، کە بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاراستەکردنی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەبوە. بەبێ ئەوەی داڕێژەری ستراتیژ و سیاسەتی ڕۆژنامەکەکان، لە ئامانجی گشتی جەنگی دەرونی بگەن.

یەکێک لە کێشە دیارەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتی ڕۆژنامەی سەر بە پارتە سیاسییەکان، ئەوەیە جەنگی دەرونییان بەرامبەر نەیارانی نەتەوەیی بەرپاناکەن، بەڵکو لایەنە ناوخۆکان یەکتری بەئامانج دەگرن، ئەوەش لادانە لە ئەرکی نێشتمانیی میدیا.

لەو سۆنگەیەوە توێژەر درکی بەم کێشەیە کردوە و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی بەم جۆرە خستوتەڕو:

١- تاچەند جەنگی دەرونی لە ڕۆژنامەگەریی پارتە کوردییەکان ڕەنگیداوەتەوە؟

٢- ئەو جۆر و ئامرازانە کامانەن، کە ڕۆژنامەگەریی حیزبی کوردی، لەناو گوتاری ڕۆژنامەگەرییەکەیدا بەکاریهێناون؟

٣-ڕۆژنامەی سەر بە پارتە کوردییەکان لەچ کاتێکدا جەنگی دەرونیی، لە دژی نەیارە سیاسییەکان بەرپادەکەن؟

٤- ئەو دروشم و دەستەواژانە کامانەن، کە لایەنە سیاسییە ڕکابەرەکان لەناو ڕۆژنامەی حیزبەکانیان، لە دژی یەکتر بەکاریدەهێنن؟

٥- کارەکتەرە دیارەکانی ناو جەنگی دەرونی کێن، کە لەناو ڕۆژنامەی پارتە کوردییەکان بەدیارخراون؟


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

### ٢-گرنگی توێژینەوە:

١-گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدایە یەکەم توێژینەوەی زانستییە، دەربارەی جەنگی دەرونی لەناو گوتاری ڕۆژنامەگەریی حیزبیدا ئەنجام درابێت.

٢-دەشێت ببێتە هاندانێک بۆ توێژەرانی تر و ئەم کێشەیە بەهەندوەربگرن و توێژینەوەی تری لەبارەوە ئەنجام بدەن.

٣-کۆمەڵێک دەرەنجام ڕاسپاردەی داوە بەدەستەوە، کە دەشێت ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان سودی لێوەربگرن، لەپێناو دورکەوتنەوە لە بێزڕیکردن بەیەکتری و هەلایسانی جەنگی ناوخۆ، وەک زۆر جار ئاماژەبەوەکراوە، بەرلەوەی جەنگی ئاسایی هەڵبگیرسیت، پێشتر جەنگی دەرونی هەڵگیرساوە و ڕێگەی بۆ جەنگەکە خۆشکردوە.

### ٣- ئامانجی توێژینەوە:

١-ئاراستەکانی ڕەنگدانەوەی جەنگی دەرونیی دەردەخات لە ڕۆژنامەگەیی سەر بە پارتە کوردییەکان.

٢- هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی جەنگی دەرونیی و جۆرەکانی.

٣-ئەو جۆرانەی جەنگی دەرونی دەردەخات، کە ڕۆژنامەی پارتە سیاسییە کوردییەکان، بۆ بەرپاکردنی، پشتی پێبەستون.

٤- ئەو لایەن و کارەکتەرە سیاسییانە دەردەخات، کە لە ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکەدا دەرخراون و جەنگی دەرونییان ئاراستەکراوە.

٥- کات و شوێنی ئەو ڕوداوانە دەردەخات، کە ڕۆژنامە حیزبییەکان جەنگی دەرونیان تیادا بەرپاکردوە.

### ٤- جۆری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، هەوڵی داوە وەسفی چەندێتی و چۆنیتی کێشەی (جەنگی دەرونی) بکات لە ڕۆژنامەگەری سەر بەپارتە کوردییەکان (کۆمەڵگەی توێژینەوە) بەڕێگای شیکاری ناوەڕۆک.

### ٥-میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر بۆ ئەنجامدانی تۆژینەوەکەی میتۆدی ڕوپێوی (survey) بەکارهێناوە، بۆ ڕوپێوکردنی سامپڵەکانی ناوەڕۆکی ناو قاڵبە هونەرییەکانی ڕۆژنامەکانی تۆژینەوەکە، کە تایبەتن بە بابەتی جەنگی دەرونی.

### ٦-کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگایەی، کە توێژەر دەتوانێت ســـامپڵی توێژینەوەکەیەی تیادا هەڵبژێرێت و لە ڕێگەیەوە بگاتە دەرەنجامە گشتییەکان (الکامل،٢٠٠١، ص ١٢٣).

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (ڕۆژنامەگەریی پارتە کوردییەکان)ی وەک کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەستنیشانکردوە، بەو پێیەی سامپڵی توێژینەوەکەی تیادا هەڵبژێردراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

## ٧-سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوەکە لە دیارترین ڕۆژنامە حیزبییەکانی هەریمی کوردستان پێکهاتوە، کە بریتین لە:-

١-ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە سەر بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لەلایەن ئۆرگانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەوە دەردەچێت.

٢-ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەلایەن ئەو حیزبەوە دەردەچێت.

هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژنامانە، وەک (سامپڵی) ناو کۆمەڵگای تۆژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ:-

١-نوێنەرایەتی ئاراستەی حیزبی دەکەن.

٢-گرنگی بە کاروباری سیاسی و کێشە سیاسییەکان دەدەن.

٣- بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام و ڕۆژانە دەردەچن.

٤- ئەم ڕۆژنامانە لەگەڵ ئەوەی کاغەزیین، بەشێوەی ئەلکترۆنی و ماڵپەری ئەلکترۆنیش دەردەچن.

هەروەها بەنسبەت (سامپڵی ماوەیی) بۆ توێژینەوەکە، توێژەر بەشێوەی دیاریکردنی ماوەی سامپلی بەئەنقەست ٣ ڕوداوی دەستنیشانکردوە کە ئەمانەن:

- ماوەی ڕوداوی ١٧ شوبات و ڕۆژانی دوایی، کە لە ٢٨ شوبات دەستپێدەکات بۆ ٢٨ نیسانی ساڵی ٢٠١١.
- هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ١٢-٩ دەستپێدەکات بۆ ٣١-٩ – ٢٠٠٨.
- ڕوداوی خۆپیشاندانەکانی مانگی ١٢ ساڵی ٢٠٢٠.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم ڕوداوانە دەگەڕیتەوە بۆ:-

زۆرترین ململانێی سیاسی لەو ماوانە کەوتونەتەوە وەک: (لۆمەکردن و تۆمەتبارکردن و توندوتیژی وتەیی) کە هەردو ڕۆژنامەکە گرنگی پێداوە.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری توێژینەوەکە، بریتییە لە سنوری (جوگرافی هەرێمی کوردستان) کە تییایدا جەنگی دەرونی دیاریکراوە و لە ڕۆژنامەکانی سامپڵی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕوماڵکراون.

## ٨- ڕاست و دروستی و جێگیریی.

مەبەست لە دروستی(Validity) واتە مەودای پێوەری بابەتەکان و دیاردە جیاوازەکانی شیکاری ناوەرۆکی توێژینەوەکە، لەگەڵ مەودای بەدەستهێنانی زانیارییە پێوستەکان(عبد الحمید، ١٩٨٩،ص ٤٢٩ ) بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بۆ ڕاستی ودروستی ڕوکاری دەرەکی (face validity) فۆرمی شیکاری داڕشتوە، کە تیایدا توێژە سەرەکی و لاوەکییەکانی توێژینەوەکە واتە (گۆردراوە سەرەکی و لاوەکییەکانی) وەک ئامرازی توێژینەوە، دیاریکردوە و دواتر خستویەتیە بەردەم ژمارەیەک لە پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن بۆ هەڵسەنگاندنیان، پاشان لەبەر ڕۆشنایی تێبینییەکانیان جارێکی تر فۆرمەکەی داڕشتۆتەوە، کە لەگەڵ پرسیار و ئامانجەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

توێژینەوەکەدا بگونجێت. هەروەها توێژەر بۆ جێگیرکردنی تێکڕایی جێگیری توێژینەوەکەی، پشتی بەستوە بە شیکارکردنی ژمارەیەک تیراژی ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکە و شیکارکردنی ژمارەیەک لە توێژی سامپڵەکان، ئەویش لەرێگەی پرسکردنی بە توێژەران و پسپۆرانی تر و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی بگاتە هەمان ئەنجام، کە بەم ڕێگایە ئەنجامیداوە:

$$\text{Reliability} = \frac{2m}{n1+n2}$$

جێگیری = ٢ (ژمارەی هاوکۆکی لە نێوان هەردو هێماکە)

ژمارەی هیماکانی کە توێژەر دیاریکردوە + ژمارەی هێماکانی کە توێژەرانی تر دیاریانکردوە.

بەهای جێگیری فۆرمی شیکارییەکە = ٩٠٪

## بەشی دوەم (تیۆرینامە)

### یەکەم: پێناسەی جەنگی دەرونی

جەنگی دەرونی، وەک شێوازێکی کاریگەری دروستکردن لەسەر دەرونی دوژمن، دەگەڕێتەوە بۆ مێژویەکی کۆن، کە ئامراز و جۆر و شێواز و میکانیزمەکانی لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی و هزری مرۆڤایەتی و شێوازەکانی ژیانی مرۆیی، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە.

لەلایەکی ترەوە جەنگی دەرونی هاوتای ململانێ و جەنگەکانی تر بونی هەبوە، هیچ جۆرە جەنگێک بەبێ بونی جەنگی دەرونی بەدی نەکراوە(عبدالجبار، ٢٠١٩ص٥٤).

هەروەها لە جەنگی دەرونیدا، هاوکۆکیەک هەیە ئەویش ئەوەیە، بنەمای سەرەکی جەنگی دەرونی، جەنگێکە کار لەسەر تێکشکاندنی باری مەعنەوی لایەنێک یان چەند لایەنێکی دەکات، کە نەیاری یەکترن، بەڵام جیاوازی لەوەدایە لایەنەکان لە ڕوانگەی شێواز و میکانیزمی جیاواز بەکاریدەهێنن (سەرچاوەی پێشو).

لەلایەکی ترەوە جەنگی دەرونی، جەنگێکە کە تیایدا شێوازەکانی پروپاگەندە و میکانیزمی سایکۆلۆژی تێدا بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر باری مەعنەوی دوژمن دروست بکات، کە ئامانج لێی خولقاندنی لێکترازان و پەرتکردنی ڕیزەکانیانە لەپێناو زیانگەیاندن پێیان.

هەروەها بەجۆرێکی تر پێناسەی جەنگی دەرونی کراوە، کە بریتییە لە بەکارهێنانی پروپاگەندە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر باری دەرونی دوژمن، کە پشت بە سیاسەتێکی دیاریکراو دەبەستێت، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بۆچون و هەڵوێستەکان (الحمداني، ٢٠١٥، ص ١٠٥)

هەرەها جەنگی دەرونی بریتییە لە هەمو ئەو چالاکی و کارانەی ناکوشتارین، کە بیروبۆچون و زانیاری دەگوازنەوە بۆئەوەی کاریگەری لە پلان و ڕەفتار و کارەکانی دوژمن بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبونی کاریگەری لەسەر باری مەعنەوییان (الزبيدی،٢٠١٥، مقال فی جريده).

کەواتە بەگوێرەی ئەو پێناسانە، مەبەست لە جەنگی دەرونی تێکشکاندن و دوژمنایەتیکردن و زیانگەیاندنە بە لایەنی بەرامبەر، هەمو ئەمانەش دەچنە خانەی توندوتیژی دژی نەیارەکان، بەتایبەتیش توندوتیژی وتیەیی، کە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

هەمیشە لە ڕێگەی کەناڵی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی ئاراستەکراون، لێرەدا دەشێ ئەو ڕاستیە بسەلمێنرێت کە پێیوایە جەنگی دەرونی بەشێکە لە توندوتیژی سیاسی، چونکە جەنگی دەرونی هەوڵدانێکە بۆ:

- فێڵکردن و خەڵەتاندن لەڕێگای تەڵەکەبازیەوە.
- نانەوەی دڵەڕاوکێ و بەریەککەوتن و پشێوی.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی پەیوەندی بەجەنگی دەرونی و توندوتیژی سیاسییەوە هەیە ئەوەیە کە جەنگی دەرونی، توندوتیژی سیاسی بەرپا دەکات لەڕوی:-

- کارکردن بۆ خولّقاندنی گیانی ڕق و بێزێزیکردن لەدژی لایەنی نەیار.
- بڕواهێنان بە ڕایگشتی بۆ ڕەوایەتیدان بە شەڕو کوشتار.
- پەیداکرنی لایەنگر و هاوپەیمان لە دژی لایەنێکی بەئامانجکراو.
- دروستکردنی ترس و تۆقاندن.
- نانەوەی گرفتی کۆمەلایەتی و ململانێی تایەفەگەرای و مەزهەبگەرای و جیاکاری ڕەگەزی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ.
- زۆرکردن و هاندانی جیاوازی لە نێوان ڕیزەکانی لایەنی دوژمن.
- تێکدانی باری ئابوری و زیانگەیاندن بە ئابوری لە ناو کۆمەڵی لایەنی بە ئامانجکراو.
- هاندانی ئەندامانی هێزە چەکدارەکان بۆ شەڕکردن و تۆڵەکردنەوە دژی لایەنی نەیار و بەئامانجکراو.

(الحمداني،٢٠١٥، ص ١١٠)

## دوەم: جۆرەکانی جەنگی دەرونی

جۆرەکانی جەنگی دەرونی بۆ چەند شێوازێک دیاریکروان، بەڵام ئەو جۆرانەی کە تایبەتن بە توندوتیژی سیاسی، یاخود وەک ئامرازێک بۆ بەرپاکردنی توندوتیژی سیاسی بەکارهاتون، دابەشبکرێن بۆ ئەم جۆرانە:-

### ١- پروپاگەندە:

پروپاگەندە جۆرێکە لە جۆرەکانی جەنگی دەرونی، کە هەوڵدەدات کاریگەری لای تاکەکان و جەماوەر دروست بکات و کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان بکات، کە ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتەوەیە (حمزە،١٩٨٤، ص ١٢٠) پروپاگەندە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچون و ئایدیای لایەنێکی دیاریکراو، بەمەبەستی کاریگەریکردن لەسەر بیروڕاو ئایدیای لایەنی بە ئامانجکراو لە پێناوی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی دیاریکراو، پروپاگەندە جەنگێکە هاوشانی جەنگی کوشتن و وێرانکردن. (بدر،١٩٨٢:ص٢٩)

هەروەها پروپاگەندە هەمیشە دیوێکی جەنگەکان بوە، بەواتایەکی تر ڕۆڵی بینیوە لە سەرکەوتنی جەنگ و کوشتارگەکان و توندوتیژی لێکەوتوتەوە.

لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم دەرکەوت ئەو جەنگە پێویستیەکی زۆری بەپروپاگەندە هەبو بۆ تێکشکاندنی باری سایکۆلۆژی بەرامبەر، ئەوەش بوە هۆی ئەوەی پروپاگەندە ببێتە بەشێک لە تاکتیکی جەنگ و گەشەی پێبدرێت و بنەما و خەسڵەت و شێوازەکانی بۆ دیاریکرا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

لەلایەکی ترەوە پڕوپاگەندە بۆتە ڕایکردنی نهێنی سەرەکی، لە بەڕێوەبردنی جەنگەکان، کە ئینگلیزەکان ناویان لێنابو (جەنگی سیاسی) و ئەڵمانەکان ناویان ناوە بە (جەنگی ڕۆشنبیری) و ئەمریکیەکانش بە (جەنگی سایکۆلۆژی) ناویدەبەن (حمزه،١٩٨٤:ص١٢١)

هەروەها پڕوپاگەندە زیاتر ئاراستەی کەسەکان دەکرێت، بەقەدەر ئەوەی ئاراستەی بابەتەکان بکرێت، چونکە بابەت خۆی لەخۆیدا شیاوی ئەوەیە گفتوگۆی دەربارە بکرێت و زیاتر کاری هزرە، بەڵام پڕوپاگەندەی ئاراستەکراو بۆ خەڵکە چونکە هەڵسوکەوت و باری دەرونی و هەڵچونەکانیان بە ئامانج دەگرێت، بەجۆرێک ئەوەندەی لایەنی سۆزداری کەسەکان بەهەندوەردەگرێت، گوێ بەلایەنی هزری و ئەقڵی نادرێت (الرضا، ١٩٩٨:ص٢٠٢)

بەدرێژایی مێژو پڕوپاگەندە هاوشانی جەنگ و ململانێکان هەبوە و جێکەوتەی لەسەر نیگەرانکردن و ئازاردانی ڕۆح و دەرونی نەیارانی یەکتر داناوە، کە ئەمەش ڕاستەخۆ و ناراستەوخۆ هاندان بوە بۆ لێکەوتنەوەی توندوتیژی، نمونەی ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە لەسەردەمی نوێ و بەتایبەتی لە هەردو جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی دەرکەوتوە، بۆ بەرپاکردنییشی پشتییان بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بەستوە، وەک پڕوپاگەندەی ئیسرائیلی، ئەم پڕوپاگەندەیە زیاتر پشتی دەبەست بە چەسپاندنی وێنەی ئەندێشەیی لە ڕێگەی دروشم، کە بریتیبون لە (گەڕانەوە بۆ خاکی پەیمان) یاخود (ئەوەی یەک مەتر زەوی لە فەلەستین بەدەست بهێنێت لە بەهەشت بەشی خۆی دەبێت).

ئەم دروشمانە ئەگەرچی زیاتر ئاراستەی لایەنگرانی جولەکە خۆیان کراون، بەڵام ئەنجام ڕق و کینەی عەرەب و موسڵمانانی لێکەوتەوە، ئەمە بنەماکانی پڕوپاگەندەی ئیسرائیل بو لەسەرەتای هەوڵدانییان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەهودی لە فەلەستین، (حمزة،١٩٨٤:ص١٥٤)

هەروەها بەپێی پڕوپاگەندەی ئیسرائیل، دامەزراوەی عەرەب دامەزراوێکی سەرکوتکاری چەوسێنەرە و لەپێناو کورسی دەسەڵات و مانەوەی لە دەسەڵات، سڵ لە هیچ کەس ناکەنەوە و پەنا بۆ هەمو ڕەفتارێکی فاشیزم دەبەن. (الرضا،١٩٩٤:ص٢٣٦)

هەروەها نمونەیەکی تری دیاری پڕوپاگەندەی جیهانی، پڕوپاگەندەی نازیزمە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دوەم. پڕوپاگەندەی نازیزم لەسەر بنەمای بیروبۆچونەکانی هیتلەر، گەڵاڵە دەکرا، کە لە کۆنگرەی نۆرەمبێرگ لە ساڵی ١٩٢٦ وتبوی لەڕێگای پڕوپاگەندەوە گەیشتومەتە حوکمرانی و بە پڕوپاگەندە بەرگری لە مانەوەی خۆمان دەکەین و هەر لەڕێگای پڕوپاگەندەشەوە جیهان داگیردەکەین.

پڕوپاگەندەی نازی بەهێزترین کەرەستە بو کە ڕژێمی نازیزم پشتی پێبەستبو، هەروەها گۆبلیز، وەزیری پڕوپاگەندە لەسەردەمی هیتلەر، دەڵێت: پێویستە لەڕێگای پڕوپاگەندەوە حکومڕانی گەل بکرێت و دەبێت بایەخی یەکەمی لەناو هونەرەکانی جەنگ و بەڕێوەبردن و بونیاتنانی وڵات پێبدرێت.

هەروەها جۆرێکی تر لە پڕوپاگەندەی سیاسی، کە لەسەر ئاستی جیهان کاری پێکراوە، پڕوپاگەندەی سۆڤێتیە، پڕوپاگەندەی سۆڤێتی لەسەر بنەماکانی ئایدۆلۆژی مارکسیزم بونیادنراوە، وەک زانراوە ئایدۆلۆژی مارکسی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

مانڤیستۆی کۆمۆنیزمە، کە داوای دادپەروەری و نەبونی چینایەتی تەواو دەکات، کە بەگوێرەی پروپاگەندەی سۆڤێت ئەوەش نایەتەدی هەتا چینی پرۆلیتار دەسەڵات نەگرێتە دەست و دوای ئەو قۆناغە ئینجا سۆسیالیزم دێتەدی، ئەمەش بیانویەک بو، بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، بەواتایەکی تر بەخشینی ڕەوایەتی بو بۆ دکتاتۆری پرۆلیتاریا، کە خۆی لە حوکمڕانی تاک حیزبیدا دەبینێتەوە، کە ئەویش حیزبی کۆمۆنیستە.

**٢- واتەوات:**

واتەوات دیاردەیەکە، کە لە ناو کۆمەڵگادا بڵاودەکرێتەوە، واتەوات بایەخێکی گرنگ و باوی ناو کۆمەڵگاکان بوە، بەتایبەتیش لەکاتی جەنگ و گرژی و ململانێکان. کە ڕێژەیەک لە ڕاستی تێدایە، بەڵام بەشێوەی تەمومژاوی لە نێوان خەڵکدا بڵاودەکرێتەوە، کە ئامانج لێی زیانگەیاندنە بەلایەنی دژ، جا ئەو لایەنە کەس بێت یان کۆمەڵە کەسانێک بن، یاخود ناوچە یان دەوڵەت بێت (کحییل، ١٩٨٦:ص١٥)

هەروەها واتەوات بریتییە لە ڕەواجدان بە هەواڵێک، کە بنەمای نەبێت، یاخود بەبابەتێک لە گێڕانەوەی هەواڵەکەدا زیادەڕۆیی پێوەبکرێت، کە لایەنێکی کەمی ڕاست بێت. یاخود واتەوات هەواڵێکە لە مەودای ڕاستی لادەدات و درۆی بەدەمەوە کرابێت، هەندێ جاریش واتەوات واتە هەوڵێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لێکدانەوەی نابابەتی و ناڕاستگۆیی بۆ دەکرێت، کە هەمو ئەمانەش ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتەوەیە، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردنی سایکۆلۆژی جەماوەر لە پێناو هێنانەدی ئامانجێکی سیاسی یان سەربازی (التهامی، ١٩٧٩: ص ١١٥)

**٣- چەواشەکاریی میدیایی:**

دیاردەی چەواشەکاری وەک چالاکی مرۆیی لە چوارچێوەی چالاکی گەیاندن (Communication ) لە دێر زەمانەوە هەبوە، بەڵام وەک زاراوەیکی زانستی، لە زمانی ئینگلیزی Disinformation لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بەکارهاتوە بۆ دزەپێکردنی زانیاری تەمومژاوی.

هەروەها بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٤ ئەم زاراوەیە چۆتە ناو فەرهەنگی فەرەنسی و لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو وەک مۆدێلی سیاسی بەکارهاتوە، کە مەبەست لێی بەرێدالابردنی ڕایگشتی و هێشتنەوەیەتی لە دۆخی نەزانی تەواودا، بەتایبەتی لەڕوی شاردنەوەی ڕاستی ڕوداوەکان و تاوانەکانی جەنگ. چەواشەکاری میدیایی شێوازێکە لە شێوازەکانی جەنگی دەرونی، لەمیانی جەنگی ڕاگەیاندن، کە بە مەبەست زانیاری و بیروبۆچونی شێوێندراو بڵاوکراوەتەوە لەڕێگەی یاریکرن بە ناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیاندنەوە.

لەلایەکی ترەوە چەواشەکاری میدیایی بریتییە لە زانیاری درۆی مەبەستدار، کە لەپێناو هەڵایساندنی جەنگێکی کاریگەر بەرپادەکرێت، کە پشت دەبەستێت بە پرۆسەی یاریکردن بە ئەقڵ و هۆشی جەماوەر، لەڕێگای پێدانی زانیاری کەم و تەمومژاوی و شێواو. (هاشم، ٢٠١٥،ص١١).

هەروەها چەواشەکاری میدیایی پشت بەدو تەکنیکی گرنگ دەبەستێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکان ئەوانیش بریتیین لە:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

- یەکەم: یاریکردن بە زانیارییەکان، واتە دەستوەردان لە ڕاستی و دروستی هەواڵ و زانیارییەکان دەربارەی ڕوداوێک، یان کەسێک، لەڕێگای دەستوەردانە ناوەڕۆکی باسەکەوە لە میانی:

١-ساختەکردنی مانا، وەک یاریکردن لەڕێگەی ڕێکخستنەوە و دەرخستنی ڕاستی زانیارییەکان.

٢-پشتگوێخستنی باکگراوندی ڕوداوەکان یاخود گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەشێوەی جیاواز.

٣-تێکەڵکردنی زانیاری ڕاست بە زانیاری هەڵە و ناڕاست.

٤-کەمکردنەوەی بەهای زانیارییەکان بەشێوەی مەبەستدار.

٥-ئاوەژوکردنی ڕاستییەکان.

٦-بڵاوکردنەوەی هەندێ زانیاری کە پەیوەندی بەباتەکەوە نییە.

- دوەم: یاریکردن بەوێنە، واتە بڵاوکردنەوەی وێنە، لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن بەدەستکاریکردن و بەدەر لە ڕاستی وێنەکە، جا چ لەکاتی گرتنی وێنەکەدا بێت، یاخود لەشێوازی چۆنێتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەو مۆنتاژکردنی، لەڕێگەی تێکەڵوپێکەڵکردنی ڕەنگەکان، یان لادان و زیادکردنی گۆشەی تری جیاواز بۆ وێنەکە (الشجيري، ٢٠١٦، ص ١٩٧).

## بەشی سێیەم (پراکتیکنامە)

### یەکەم: خستنەڕوی داتاکان

وەک لە بەشی یەکەم (چوارچێوەی توێژینەوە) ئاماژەی پێدرا، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، هەوڵیداوە وەسفی چەندێتی و چۆنیتی بابەتی جەنگی دەرونی لە ڕۆژنامەگاری حیزبی کوردیدا بکات، لە ڕێگای دیزاینکردنی چەند خشتەیەکی تایبەت بە شیکاری ناوەرۆک، کە جۆرێکە لە ئامرازەکانی بەدەستخستنی زانییاری و داتاکان، بەم شێوەیە داتاکان بخاتەڕو و دواتر لەسەر ئەو بنەمایە شیکاری بۆ بابەتەکان بکات:-

**خشتەی ژمارە (١)**

**تێکڕای ژمارەی ئەو بابەتانە دەخاتەڕو، کە تایبەتن بە جەنگی دەرونی و لە ڕۆژنامەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بڵاوکراونەتەوە.**

| ڕۆژنامەکان | ژمارەی بابەت | % |
|---|---|---|
| کوردستانی نوێ | ٣٣ | ٥٥ |
| خەبات | ٢٧ | ٤٥ |
| کۆ | ٦٠ | ١٠٠ |

داتاکانی ئەم خشتەیە دەری دەخات، لە ماوەی زەمەنی توێژینەوەکەدا، ڕۆژنامەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، ٦٠ بابتی جەنگی دەرونیان ورووژاندوە، کە بە پلەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دێت، ژمارەی بابەتەکانی دەرونی دەکاتە٥٥٪ کۆی بابەتان و هەروەها ڕۆژنامەی خەبات ٤٥٪ کۆی بابەتاکان پێکدەهێنێت، ئەوەش ئەوە دەردەخات لەڕوی ژمارەو چەندێتییەوە تا ئەندازەیەکی زۆر هاوسەنگی لەنێوان هەردو ڕۆژنامەکەدا بەدی دەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

### خشتەی ژمارە (٢)

### ئەو ئامرازانە دەخاتەڕو کە ڕۆژنامەکان بەکاریانهێناوە بۆ بەرپاکردنی جەنگی دەرونی لە دژی یەکتر

| ڕۆژنامەکان / ئامرازەکان | کوردستانی نوێ | | خەبات | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| پروپاگەندە | ١٠ | ٣٠,٣ | ٧ | ٢٥,٩ | ١٧ | ٢٧,٩ |
| چەواشەکاری | ١٣ | ٣٩,٤ | ١١ | ٤٠,٧ | ٢٤ | ٤١ |
| واتەوات | ٧ | ٢١,٢ | ٩ | ٣٣,٣ | ١٦ | ٢٦,٢ |
| گاڵتەوگەپ | ٣ | ٩,١ | - | - | ٣ | ٤,٩ |
| کۆ | ٣٣ | %١٠٠ | ٢٧ | %١٠٠ | ٦٠ | %١٠٠ |

بەپێی داتاکانی ئەم خشتەیە دەدەکەوێت ئامرزی (چەواشەکاری) بەپلەی یەکەم هاتوە لە بەرپاکردنی جەنگی دەرونی لە ماوەی توێژینەوەکەدا کە دەگاتە ٤٠٪ی سەرجەم ئامرازەکانی جەنگی دەرونی، هەروەها بەدوایدا ئامرازی (پروپاگەندە) هاتوە کە ٢٧٪ کۆی ئامرازەکانی پێکهێناوە و بەدوایدا ئامرازی (واتەوات) هاتوە کە دەکاتە ٢٦,٢٪ی تێکڕای ئامرازەکانی جەنگی دەرونی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشکردنی لێپرسراویتی کۆمەڵایەتی لە ڕوماڵکردنی ڕوداوەکاندا، چونکە چەواشەکاری لە چاو پروپاگەندە، کە هەردوکیان ئامرازی جەنگی دەرونیین، زیاتر کاریگەری نێگەتیڤی هەیەو زۆرتر لە ڕێچکەی بابەتیبون لادەدات و ناوەرۆکی بابەتەکان دەشێوێنێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

**خشتەی ژمارە (٣)**

**بەکارهێنانی دەستەواژەی توندوتیژ لەلایەن ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکە دەردەخات کە لە ماوەی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە.**

| ڕۆژنامەکان / دەستەواژەکان | کوردستانی نوێ | | خەبات | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| ئاژاوەگێر | ٢١ | ٤٥,٧ | ١٩ | ٤٠,٢ | ٤٠ | ٤٣ |
| ناپاک | ١ | ٢,٨ | ٨ | ١٧,١ | ٩ | ٩,٦ |
| بەکرێگیراو | ١ | ٢,٨ | ١٢ | ٢٥,٥ | ١٣ | ١٤ |
| مافیا | ٤ | ٨,٧ | ١ | ٢,١ | ٥ | ٥,٣ |
| گەمژە | ١٢ | ٢٦,١ | ١ | ٢,١ | ١٣ | ١٤ |
| درۆزن | ٤ | ٨,٧ | ٣ | ٦,٤ | ٧ | ٧,٥ |
| خۆفرۆش | ٣ | ٦,٥ | ٣ | ٦,٤ | ٦ | ٦,٤ |
| کۆ | ٤٦ | ١٠٠ % | ٤٧ | %١٠٠ | ٩٣ | %١٠٠ |

بەپێی داتاکانی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت، دەستەواژەی (ئاژاوەگێر) لە ڕۆژنامەگەری حیزبی، بەپلەی یەکەم هاتوە بۆ بێزارکردنی لایەنی نەیار بەپێی سیاسیەت و ئامانجی ڕۆژنامەکان، کە دەکەوێتە چوارچێوەی جەنگی دەرونی، بەجۆرێک ٤٣٪ی سەرجەم دەستەواژە توندەکان پێکدەهێنێت. بەدوایدا دەستەواژەی (بەکرێگیراو) دێت کە ١٤٪ی تێکرای دەستەواژە توندەکانی جەنگی دەرونی پێکدەهێنێت و بەدوایدا دەستەواژەی (ناپاک) دێت کە دەکاتە ٩,٦٪ کۆی دەستەواژە توندەکان.

بەدرێژایی ململانی و ناکۆکی و کێبرکێ سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان، لە ڕۆژنامەگەری حیزبی کوردی، ئەم دەستەواژانە دوبارەبونەتەوە و لە گوتاری سیاسی ڕۆژنامەی پارتەکان ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە وادەی هەڵبژاردنەکان و کەوتنەوەی ڕودای خۆپیشاندان و نارەزاییەکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

## دووەم: بەرپاکردنی جەنگی دەرونی لەناو گوتاری (ڕۆژنامەکانی سامپڵی کۆمەڵگای توێژینەوەکە)

### ١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە گوتاری ڕۆژنامەوانی خۆیدا و لەسنوری ماوەی توێژینەوەکەدا ٣٣ بابەتی بڵاوکردۆتەوە کە دەچێتە چوارچێوەی جەنگی دەرونییەوە، کە ڕاستەوخۆ بەدوای خۆیدا توندوتیژی سیاسی لێدەکەوێتەوە، بە مانانەیەکی تر بەشێکی دانەبڕاوە لە توندوتیژی سیاسی. هەر بۆیە زۆر جار ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگەڕدەخرێن بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان و لەو ڕوانگەیەوە بە زاراوەی جەنگی دەرونی وتراوە (شەڕە قسە، جەنگی ڕۆشنبیری، چەنگی سارد، جەنگی ڕاگەیاندن) کە ئەم چەمکانە لەناو پەیامی ڕاگەیاندن بەجۆرێک بەگەڕدەخرێن، دەبێتە هۆی تەمومژاویکردنی باری هزری خوێنەر، یان وەرگر، کە ئەمەش بە یەکێک لە دیاردەکانی جەنگی دەرونی دادەنرێت کە ئامانج لێی گۆڕینی ئاڕاستە فکرییەکانە، کە لە هەندێک دۆخدا زیان بەباری مەعریفی جەماوەر دەگەیەنێت. (یوسف علی صیف و حنین حاتم، ٢٠١٦: ٥) بەجۆرێک دەشێت لەکاتی جەنگ و ئاشتی بەکاربهێنرێت، هەروەها مەرج نییە جەنگی دەرونی، هەمیشە ڕاگەیاندن بەئاڕاستەی نێگەتیڤیدا ببات، بەڵکو هەندێکجار بە ئاڕاستەیەکی پۆسەتیڤ تێدەپەڕێت، کە سودی دەبێت بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵ. (هەمان سەرچاوەی پێشو: ١٥) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کارنامەکانی تایبەت بەجەنگی دەرونی دابەشکردوە بەسەر ئەم جۆرانەدا:

- **پروپاگەندە:**

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ماوەی توێژینەوەکەیدا لە کۆی ٣٣ بابەتی تایبەت بەجەنگی دەرونی ١٠ بابەتی جۆری پروپاگەندەی بڵاوکردۆتەوە کە دەگاتە ڕێژەی ٢٠,٣%ی سەرجەم ئەو بابەتانەی کە دەچنە خانەی جەنگی دەرونییەوە، لەو بارەیەوە بڕوانە ئەم پەرەگرافانە، کە لە دوتوێی گوتاری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەکەوە هەڵبژێردراون:

– پڕۆژەی چاکسازی حکومەت نەک بۆ ساڵێک دواناخرێت، بەڵکو بۆ یەک سەعاتیش پەکینەکەوتوە و بەردەوامە.

– سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕاگەیاند بەهۆی کەللەڕەقی بزوتنەوەی گۆڕانەوە پڕۆسەی دیالۆگی نیشتیمانی پەکیکەوت.

– بەهۆی بارودۆخی گرژییەوە ٦٠%ی پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کەمیکردوە و بەئەندازەی ٣٠% نرخی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بەرزبۆتەوە.

– گۆڕان شڵەژان لەناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دروست دەکات و نایانەوێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

– گۆڕان، چونکە لە بنەڕەتدا مەبەستی سازان نییە و قازانجی خۆی لە ئاڵۆزیدا دەبینێتەوە، بۆیە نەک هەر ناسازێت، بەڵکو چەمک و مانای سازانەکانیش دەشێوێنێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

- هەرچی هەنگاوی گرنگە لەم هەرێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پشتی بوە و هەنگاوە گرنگەکانی هەر لە سەردەمی یەکێتی دێتەدی.
- جیاوازی یەکێتی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی تر ئەوەیە لە پێداویستی ئەم حیزبە دایە بەجۆرێک خۆشگوزەرانی و ئازادی و ئاوەدانی و پێشکەوتن پێویستی بەو حیزبە هەیە و لە ڕابردوشدا سرِی پلانگێڕییەکانی بەتاڵکردۆتەوە.
- زۆر جار لەملاولا دەبیسترێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و ڕێک بەپێچەوانەوەیە، پارتی بەهێز نەبوە و بگرە لە پاشەکشەدا بوە و لە بەرامبەردا هەر یەکێتی بەهێزتر بوە.
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەسەڵاتی ناوێت بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی، بەڵکو دەسەڵاتی بۆ ئەوەیە خزمەتی خەڵک بکات و هەر کاتێک کێشە و گرفت چ سیاسی و چ ئابوری و چ دبلۆماسی لە هەرێمی کوردستان دروست بوبێت ئەوا یەکێتی شانی داوەتە بەر و چارەی کردوە.
- دەنگ بدەن بە لیستی ١٠٥ی (ی.ن.ک) تا هاوسەنگی بۆ هەولێر بگەڕێتەوە و چیتر خەڵک بە تەزکییە لق و ناوچەی پارتی دانەمەزرێت و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان ببێت.
- ناهێڵین هیچ هێزێک تاکلایەنە بڕیار بدات، چونکە ئێمە یەکێتین و لە هیچ لایەنێکی تر قبوڵ ناکەین.

ئەم پەرەگرافانە لە تێکستی چەند پەیامێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەک نمونەی پروپاگەندە هەڵبژێردراوە، کە لە کاتی دو ڕوداوی گرنگ لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

- ڕوداوی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و ڕۆژانی دوایی.
- هەڵمەتی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی تشرینی ٢٠١٨.*

لەوەی یەکەمدا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەمەبەستی هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکان پەنای بردۆتە بەر زیادەڕۆیی، بۆ نمونە: لە ڕاپەڕینێکدا کە لە ٢٠١١/٣/٢٨ واتە نزیکەی مانگێک لە ڕوداوی ١٧ی شوبات بڵاوکرانەوە، ئاماژە بەوە دەکات: *بەهۆی ناسەقامیگیری ٦٠%ی وەبەرهێنانی کەمی کردوە، یاخود بەرێژەی ٣٠%ی نرخ چۆتە سەر شمەک و کاڵا و پێداویستی ڕۆژانەی هاوڵاتی*، ئەمەش بۆخۆی جێگەی سەرسوڕمانە، چۆن لە ماوەی تەنها کەمتر لە هەفتەیەک ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤەی دەبێت، یاخود لە ڕاپۆرتێکی تردا هاتوە، حکومەتی هەرێم بۆ کاتژمێرێک پرۆژەی چاکسازی پەکنەخستوە، ئەم نمونانە بەشێک لە پروپاگەندە، کە زیادەڕۆیی تێدا بەدیدەکرێت و لە واقیعدا بونی نییە، کە ئامانج لێی بۆ دو مەبەستە:

١-ڕەواجدان بە گوتاری سیاسی دەسەڵات و پشتیوانی بۆ دروستکردنی لەلایەن لایەنگرانی خۆیان.

٢-بێزارکردن و نیگەرانکردنی لایەنی بەرامبەر.

وەک چۆن ئاماژە بەوە کراوە، سایکۆلۆژیای پروپاگەندەیی هەوڵدەدات بۆ گەشەکردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی توێژێکی سیاسی، کە نوێنەرایەتی سیستەمی سیاسی حوکمڕانی دەکات. (یوسف محمد علی، ٢٠١٥: ٨٠)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

هەروەها بڕوانە ئەم وتارە، کە شیروان حامید نوسیویەتی: *ئەو چەند لیژنەیەی لە دوای ڕوداوەکانی ١٧ی شوباتەوە بۆ ئاشکراکردنی دەستی پشت ڕوداوەکان پێکهێنران، هەمویان دوابەدوای یەکتر بەبێ بونی هۆیەکی لۆژیکی ئیفلیجکران و هەڵوەشێندرانەوە، لە کاتێکدا بونی ئەم لیژنانە باشترین میکانیزم بون بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی ئەو کەس و لایەن و دەستانەی ڕوداوەکانیان بەو ئاقارە گەیاند، ڕای گشتی دەبێت بزانێت کە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنانە و ڕەچاوکردنی پاساوی ئۆپۆزسیۆن کە ئەو لیژنانە حیزبی بون، لە کاتێکدا کەسانی سەربەخۆ لەو لیژنانە بەشداربون.* (شیروان حامید، ٢٠١١: ٥)

لە لایەکی دیکەوە بڕوانە ئەم وتارەی بورهان ئەمین بە ناونیشانی (بۆ لیمان دەترسن) کە لە ژمارە ٧٦٦٩ی ڕۆژی ٢٠١٨/٩/٢٣ی وادەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردتسان بڵاوکراوەتەوە و نوسیویەتی:

*ترس لە گەڕانەوەی دەنگە ڕەسەنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمو لایەنی بەرامبەرەکانی سەغڵەت کردوە و لەوە دەترسن یەکێتی دەنگی زۆر بهێنێت، کاتێکیش یەکێتی زۆرینە بوبێت ئەوان کەمدەبنەوە و دەچنە قاوغی خۆیانەوە و پاشانیش یەکێتی بە بەرنامە تۆکمەکانی لەناوە حکومەت و پەرلەمان نەیارەکانی دەترسێنێت، بۆیە ترسی نەیارەکانی یەکێتی لەخۆڕایی نییە و بونی حیزبێکی وەک یەکێتی کاریگەری لەسەر هەرێم و ناوچەکە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەواجی ئەوان کەم بکاتەوە و هەنگاوێکی زۆر دەیانخاتە دواوە، جگە لەوەش بەرنامەکانی لیستی ١٠٥ کە بۆ خزمەت و هەلی کارە مەترسییە بۆ هێزی یەکەمی حکومەت.* (بورهان ئەمین، ٢٠١٨: ٢)

هەروەها بڕوانە ئەم نوسینەی هونەر ڕەسوڵ کە لە ژمارە ٧٦٧٠ی کوردستانی نوێ و لە میانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان بە ناونیشانی (قوباد تاڵەبانی دیاردە و ڕێبەری نوێ) نوسیویەتی و دەڵێت:

*قوباد تاڵەبانی بۆ یەکێتییەکان چەند گرنگە، بۆ هاوڕێیانی تری هەرێمیش بەو ئاستە گرنگ و پێویستە، چونکە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا پێویستی بە سیاسییەکی لەم چەشنە هەیە و تاوەکو تەپوتۆزی ناعەدالەتی لابدات و نیگەرانی شەقام بەرەو قۆناغێکی تری خۆشگوزەرانی بسپێرێت. قوبادی مام وەک چۆن لە ساڵانی ڕابردودا هەمو هەوڵێکی بۆ ئەوە بو تاوەکو شێوازێکی تری جیاوازی حکومڕانی پیشان بدات، لەم قۆناغەشدا لەڕێگەی کەمپین و سەرۆکایەتیکردنی لیستی ١٠٥ جارێکی تر بە هەموانی وت: ململانێ و جیاوازییەکان دەکرێت بە شێوازێکی تری جیاواز بکرێت.* (هونەر ڕەسوڵ، ٢٠١٨: ٢)

زۆرجار لایەنی پروپاگەندە کارەکتەری لاواز و بێ کاریگەر بەکاردەهێنێت بۆ هاندان لە دژی نەیارەکانیان، لەم ڕووەو لەڕوی ڕاگەیاندنەوە نوسەر یاخود میدیاکاری نەشارەزا بەگەڕدەخەن، بۆیە لەم نوسینانەدا هیچ ڕەگەزو بنەمایەکی هونەری وتارنوسین بەدیناکرێت و سیفاتی نوسەریان لەخۆنەگرتوە، بەڵکو زیاتر کادری حیزبین و وتارەکانیان دارشتنئامێز و شکڵئامێزن و دیقەت و قوڵایی و وردەکارییان تێدانییە سەبارەت بە ناوەرۆکی کڵێشەکان، تەنها لە دروشم و پێداهەڵدان بە لایەنێک و تۆمەتبارکردنی نەیارەکانیان بەرجەستەبوە کە ئەمەش بەشێکە لە ئامرازەکانی پروپاگەندە وەک شێوازێکی جەنگی دەرونی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

- **چەواشەکاریی:**

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەدا لە کۆی ٣٣ بابەتی جۆری جەنگی دەرونی ١٣ جۆری چەواشەکاری بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٣٩,٤%ی سەرجەم ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە جەنگی دەرونییەوە هەیە، لەوانە:

– ئەم خۆپیشاندانانە وایکردوە ڕێگای بۆ دوژمنانی کورد خۆشبێت و ئەم دەرفەت و هەلە بقۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەر هەندێک لە ناوچە دابڕاوەکان.

– ئەمەی لایەنگرانی گۆڕان بەرامبەر دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕ دەیکەن، جۆرێکە لە زەبروزەنگی سیاسی کە نە دەبێت حکومەت قبوڵی بکات و نە حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ئاستیدا بێدەنگ بن.

– بەهۆی خۆجیاکردنەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی بەغداد، زیان بە گورد گەیشت و لە خانەقینیش ئەگەر گۆڕان لە هەڵبژاردنەکان جیانەبوایەتەوە کورد کورسییەکی تری بەر دەکەوت و لیستی گۆڕان ئۆباڵی مێژوییان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە ئەوان لێکترازانیان لەنێوان ڕیزەکانی کورددا دروستکرد.

– ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان گاڵتە بەئەزمونی هەرێمی کورستان دەکات، کە ئەزمونی هەمو خەڵکی کوردستانە و مەنتق و زانستی وەلاوە دەنێت و بە زمانێکی پۆپۆلیستییانە قسە دەکات و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە خەڵک بکات بە گژ ئەزمونەکەمان.

– بزوتنەوەی شۆڕشگێرانی ڕزگاریخوازی پارێزگای تەئمیم پاڵپشتی لە حیزبی گۆڕان دەکات بەوەش پەیوەندی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی گۆڕان بەهێزتر دەبێت.

– کاتێک پەرلەمانتارانی گۆڕان بۆچونەکانیان دەردەبڕن بە چەپڵەوە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکان پێشوازیان لێدەکرێت و ئەوەش لە بەرژەوەندی کورددا نییە و لە بەغداد دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچەوانیانەوە.

– بۆچونەکانی ئۆپۆزسیۆن لای خەڵکی کەرکوک جێگەی نیگەرانییە و تەنها دڵی ئەو شۆڤێنییانە خۆش دەکات کە لە ناو پەرلەمانی عێراق بە خوێنی منداڵانی کورد تینون.[i]

سەبارەت بەو وتارانەی هەڵگری جۆرێک لە چەواشەکاری میدیایین وەک بەرپاکردنی جەنگی دەرونی بڕوانە:– سەروتاری ژمارە ٥٤٣٢ی ڕۆژی ١٧، ٣، ٢٠١١ی ڕۆژنامەکە کەتیایدا هاتوە:– *نەوشیروان مستەفا بە چاوێکی جیاواز لە هەمو خەڵکی کوردستان و چاودێران و پسپۆڕی سیاسی و بگرە بیانیش دەیەوێت ئەو واقعیە ڕەتبکاتەوە کە ئەزمونی کوردستان هێشتا لە مەترسیدایە و هێشتا ئەگەری شکان لە بەردەم ماون بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوبروای بەوەنیە کوردستان ئەزمونێکی هەبێت و لانی کەم پێیوابێت کە ئەم ئەزمونە لەخەم ڕەویوە، هەروەها لە بەشێکی تری سەروتارەکەدا ئاماژەبەوەکراوە:– ئایا بۆ نەوشیروان مستەفا مەترسییە ئیقلیمییەکان کە هاووڵاتیانی سادە و ساکارش دەیزانن و هەستی پێدەکەن ئەو بەهەند وەریان ناگرێت، نەوشیروان مستەفا بۆیە خۆی لە ئیستیحقاقە سەرەکییەکان دەدزێتەوە کە ئەویش یەکڕیزی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانە،*



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

*هەمو خەڵكی كوردستان و بە تايبەتی لايەنگران و هەوادارنی بزوتنەوەی گۆڕان باش دەزانن لە سەروبەندی هەڵبژارنی پەرلەمانی عێراق، هەمو حيزب و لايەنە كوردستانييەكان جەختيان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە ليستی جياواز بۆ يەكهەڵوێستی و يەكڕيزی كورد لەبەغدا مەترسيدارە بەڵام نەوشيرواب مستەفا گاڵتەی پێدەهات، نەوشيروان مستەفا، ستراتيژی بۆ كوردستان نييە و كوردستان بونی ئەو لە جوگرافيايەكی بەرتەسكی ناوچەيی دا قەتيس بوە بە واتايەكی تر خەونی نەوشيروان مستەفا لەگەل خەونی كورد يەكناگرێتەوە.*

هەروەها بروانە ئەم ڕاپۆرتە كە بەشی هەواڵ لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ئاماژەی كردوە بە ناونيشانی پەيوەندی نێوان حيزبی بەعس و بزوتنەوەی گۆڕان كە تيايدا هاتوە:- *بزوتنەوەی شۆڕشگێرانی ڕزگاريخوازی تەئميم پاڵپشتی لە بزوتنەوەی گۆڕان دەكات ئەم بزوتنەوەيە ڕاستەوخۆ سەربە حيزبی بەعسن و باڵی عيزەت دورين و لە بەياننامەيەكدا دژايەتی خۆيان بۆ ميللەتی كورد و هەرێمی كوردستان نەشاردۆتەوە و هەروەك ئايدۆلۆژی شۆفينی بەعس هەيە هەوڵدەدن هەرێمی كوردستان بە باكوری عێراق بمێنێتەوە ئەم باڵەی حيزبی بەعس نايشارنەوە هەميشە پاڵپشتی لە بزوتنەوەی گۆڕان و خۆپيشاندانەكانی بەردەركی سەرا دەكەن، نايشارنەوە كە دەيانەوێت لە ڕێگای نەوشيروان مستەفاوە خەون و خەياڵە شۆفينيەكەيان بكەن بە واقيع و كوردستان بلكێنەوە عێراقی مەركەزی.*

### ٢- ڕۆژنامەی خەبات

ڕۆژنامەی خەبات لەماوەی توێژينەوەكەدا ٢٧ جار بابەتی جەنگی دەرونی لە گوتاری ڕۆژنامەوانی خۆيدا دوبارە كردۆتەوە، كە دوای ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بەپلەی دوەم دێت و دەگاتە ٤٤%ی كۆی ئەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەی جەنگی دەرونی و لە كۆمەڵگای توێژينەوەكە بڵاوكراوەتەوە.

بەشێوەيەكی گشتی بابەتەكانی جەنگی دەرونی لەناو گوتاری ڕۆژنامەی خەبات دابەشبوە بەسەر چەند ئامرازێكی جەنگی دەرونی لەوانە:-

١- چەواشەكاری: ڕۆژنامەی خەبات لە ميانی ماوەی زەمەنی توێژينەوەكە و سامپڵی كۆمەڵگای تۆژينەوەكە ١١ جار بابەتی چەواشەكاری ميديای بەكارهێناوە، كە دەكاتە ٤٤%ی سەرجەم بابەتە چەواشەكارييەكانی ڕۆژنامەكانی ناوكۆمەڵگای توێژينەوەكەو ٤٠,٧%ی سەرجەم بابەتەكانی تايبەتە بە جەنگی دەرونی لەناو گوتاری ڕۆژنامەگەری خۆيدا.

بابەتە چەواشەكارييەكانی ڕۆژنامەی خەبات، كە توندوتيژی سياسی لێكەوتۆتەوە، زياتر خۆی لەم دو هاوكێشەيەدا دەبينێتەوە:

يەكەم: گەورەكردنی هەڕەشە نەتەوەييەكانی سەر هەرێمی كوردستان، كە زياتر لە كاتی ڕوماڵكردنی خۆپيشاندان و نارەزاييەكان وروژاندويەتی.

دوەم: تۆمەتباركردنی لايەن و چالاكوانە سياسييە ئۆپۆزسيۆنەكان، لە كاتی توندبونەوەی ململانێكانی لەگەڵ دەسەلات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

بەشێوەیەکی گشتی چەواشەکارییەکانی ناو گوتاری ڕۆژنامەکە، کە لە چوارچێوەی جەنگی دەرونی بەرگەی خستوە، گوزارشت دەکەن لە:

– هەڵسوکەوتی خۆپیشاندەران کاروباری بازاڕیان پەکخستوە و بەو هۆیەوە ڕێژەی بێکاری لە زیادبوندایە.

– گۆڕان گوێ بە هەڕەشەی عەرەبە شۆفێنییەکان نادەن، کە بەنیازن لە ماوەی دو ڕۆژی داهاتو شاری کەرکوک بسوتێنن.

– هەندێک لەوانەی لە ڕوداوی خۆپیشاندانەکان کوژراوەن، بەگولەی کەسانیک پێکراون کە لەناو خۆپیشاندانەکانەوە بون، نەک پاسەوانەکانی بارەگاکان.

– بزوتنەوەی گۆڕان خۆشیان بە شۆفینتیەکان دێت و خزمەت بەوان دەکەن، نەک بە چاکسازی لە هەرێمی کوردستان.

– بزوتنەوەی گۆڕان پێشنیازی کردوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بخرێتە سەر بەغداد و بەعس و شۆفێنیەکان خۆشحاڵن بەوەی گۆڕان هەوڵی ناشرینکردنی هەرێمی کوردستان دەدات.

– هەیئەی عولەمانی موسلمین لە پەیامێکی بۆ بزوتنەوی گۆڕان، هەوڵەکانیان بۆ لەناوبردنی دەستور بەرز دەنرخێنن.

– ڕۆژبەڕۆژ ناحەزانی کورد زیاتر دەستخۆشی لە خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرا دەکەن، بۆ ئوەی ئەزمونی کوردستان تێکبدەن و لە ناوی ببەن.

– بەرەی نیشتمانی و نەتەوەی و ئیسلامیش لەسەر هێڵە بەم نزیکانە بگەنە بەردەرکی سەراو پێکەوە جیهاد لە دژی هەرێم بکەن.

– لە دانیمارک لایەنگرانی بەعس و هەوادارانی گۆڕان، پێکەوە خۆپیشاندان دەکەن و ئاڵای کوردستان و بەعسیان بەیەکەوە بەرزکردۆتەوە.

– گۆڕان حەز دەکات عەرەب کەرکوک بگرێتەوە و کوردی ناوچە دابڕاوەکان دەربکرێن بۆ شارەکانی هەرێم، بۆئەوەی بڵێن دەسەڵات کەمتەرخەمە.

– گۆڕان حەزدەکات مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت، تاکو دەسەڵات خەتابار بکات.[ii]

ڕۆژنامەی خەبات لە سەروتاری ژمارە ٣٧٢٥ی ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٥، بەناونیشانی باجی شکاندنی کەرامەتی نەتەوەیی قورسە، نوسیویەتی: هەوڵێکی دیکەی سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ بێنرخکردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان، ئەوەتا لە دوا پالەوانێتیدا کێشەکانی هەرێم دەگوازینەوە بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە هەمومان دەزانین خەڵکانێکی تیایە هەر بەناوی ئەزمونی هەرێمی کوردستان تێکدەچن و بۆلەکەدارکردنی لەسەرپێن، بەڵام ئەوە ئێراقەو دەبێت لەگەڵیاندا هەڵ بکەین، ئەوەش لای کەسی شاراوەنییە کە ڕۆژانە هیئەی عولەمانی موسلمین و چەمکی وەتەنی قەومی و ئیسلامی و حەرەکەی شواری تەئمیم و چەندانی دیکە دەست لە پیشت سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان دەدەن، بۆ ئەوەی درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن لە چوارچێوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

بەردەرکی سەرای سلێمانی بیگوازنەوە، گۆڕانیش لە بنەڕەتدا ئامانجەکەی لەگەڵ بەرنامەی ئەواندا دبێت، بێ ئەوەی هیچ نرخێک بۆ قوربانی و مەرگەساتەکانی کوردا بێت.

هەروەها سەرباز سالَح، لە نوسینێکدا بەناوی بەرپرسیارێتی و حەزەکانی گۆڕان و کە لە ژمارە ٣٧١٥ی ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٣ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاویکردۆتەوە، باس لەوەدەکات:

گۆڕان حەزدەکات لە خۆپیشاندانەکان خەڵک بکوژرێت بۆ ئەوەی بڵێت دەسەلآت درندەیە، حەز دەکات عەرەب کەرکوک بگرێتەوە و کوردی ناوچە دابڕاوەکان مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت، گۆڕان حەزدەکات لە ڕوداوی هاتوچۆدا سەد کەس بمرێت بۆ ئەوەی بڵێن ڕێگاوبان خراپە، گۆڕان حەزدەکات پشتگیری لە خۆپیشاندانی قوتابیان بکات دژی سیستمی پەروەردە، بۆ ئەوەی ئەم ولآتە هەر بە پەروەردەکەی بەعس بەڕێوەبچێ.

گۆڕان حەزدەکات باڵەخانەکان ساڵەکانی پارێزگاکانی هەرێم بسوتێنرێت بۆ ئەوەی بێژەرەکانی بە دەنگی بەرز بڵاوبیکەنەوە، گۆڕان حەزدەکات ئاوی خواردنەوە نەمێنێت، گۆڕان حەزدەکات هەژاری بەردەوام لە زیادبوندا بێت (سەرباز سالح، ٢٠١١، ل٢)

ناوەڕۆکی هەردو وتارەکە، بە ئاشکرایی ڕەگەزەکانی واتای چەواشەکاری میدیاکان پێوەدیارە، چونکە زیاد لە پێویست زیادەڕۆیی و شێواندنی تێدا بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە:

- ناوزڕاندنی لایەنە ڕکابەرەکانی پارتی و دەسەلآت، لە پێناو بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی لایەنگرانی خۆیان.
- هەڵبەستنی بوختان و تۆمەتبارکردنی بێ بەڵگەو بە شەیتانیکردنی لایەنی بەرامبەر.
- گەورەکردن و زیادەڕۆیکردن لە ژمارە و قەبارەی کێشەکان، لەپێناو شکاندنی لایەنێکی دیاریکراو، کە هەمو ئەمانە دەچنە خانەی جەنگی دەرونییەوە.

٢- واتەوات: ڕۆژنامەی خەبات لە ماوەی تۆژینەوەکەدا ٩ جار بابەتی (واتەوات)ی لەناوگوتاری ڕۆژنامەکەیدا دوبارەکردۆتەوە و وەک ئامرازی جەنگی دەرونی بەگەڕخستوە، کە دەکاتە ٥٦%ی کۆی سەرجەم واتەواتەکانی ناو گوتاری ڕۆژنامەگەری کوردی (ڕۆژنامەکانی تۆژینەوەکە) و ٣٣%ی سەرجەم ئامرازەکانی توندوتیژی ڕۆژنامەکە خۆی، کە لە سنوری ماوەی تۆژینەوەکە وەک ئامرازی جەنگی دەرونی لە دژی لایەنی بەرامبەر و بەمەبەست بەکاری هێناوە، کە لەمانەی خوارەوە ڕەنگی داوەتەوە:

- تیرۆرستان بەتەمابون لە شاری سلێمانی تەقینەوە ئەنجام بدەن و سود لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات وەرگرت.
- نەوشیروان مستەفای سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان دو ڕۆژە سلێمانی بەرەو سنورەکانی نزیک پێنجوێن بەجێهێشتوە و بەگوێرەی سەرچاوەیەک لەسەر سنورەوە، نەوشیروان مستەفا لەگەڵ بەرپرسانی ئێران کۆبۆتەوە.
- گۆڕان پشتگیری لە خۆپیشاندانەکانی ڕیاز و حەویجە دەکات، کە عەرەبە شۆفێتی و کۆنەپەرستەکان پێی هەڵسان.
- لەناو خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا، فتواو جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان دەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

– نەوشیروان مستەفا سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان دەستیان لەگەڵ تاریکپەرستانی تینو و بە خوێنی کوردستان تێکەڵکردوە.

بەشێوەیەکی گشتی پەنابردنە بە ئەو شێواز و جۆرە (واتەواتانە) وەک ئامرازی جەنگی دەرونی، کە لە ناو گوتاری ڕۆژنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە ئامانج لێی ئەوەیە:

– بێزارکردنی لایەنی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان، کە ئەو کاتە ڕکابەری سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوە.

– دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو ڕیزی خۆپیشاندەران و لایەنگرانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان.

– هێنانە خوارەوەی ورە و مەعنەویاتی خۆپیشاندەران و لایەنگرانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان.

– بەهێزکردنی باری مەعنەوی و ورەی لایەنگرانی حکومەت و حیزبی دەسەڵات و خوڵقاندنی گیانی ڕق و کینە، لەلایەن لە دژی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان.

کە هەمو ئەمانە بەشیکن لە خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئامانجەکانی واتەوات.

٣– پروپاگەندە: ڕۆژنامەی خەبات لەماوەی توێژینەوەکەدا ٧ جار پروپاگەندەی بەکارهێناوە لە چوارچێوەی جەنگی دەرونی، بەجۆرێک ڕێژەی ٤١%ی سەرجەم پروپاگەندەکانی ناو گوتاری ڕۆژنامەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و هەروەها ڕێژەی ٢٦%ی کۆی ئامرازەکانی جەنگی دەرونی لەناو گوتاری ڕۆژنامەوانی خۆی پێکدەهێنێت، کە بەگشتی دابەشبوە بەسەر دو ڕەهەندا.

ڕەهەندی یەکەم: پروپاگەندە بۆ بەرنامە سیاسیەکان پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خاوەندارێتی ڕۆژنامەکە دەکات لەکاتی ململانێ و قەیران و ڕوداوی وادەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بە ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤانە.

ڕەهەندی دوەم: بەرپاکردنی پروپاگەندە بۆ لایەنە ڕکابەرەکانی لەمیانەی قەیران و ڕوداوە سیاسی و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بە ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤانە.

کە هەمو ئەمانە گوزارشت دەکەن لە:

– ڕۆژنامەنوسان دەڵێن: دەستێکی سیاسی لە پشتەوەی دارشتنی بەیاننامەکە بوە و ئەو بەیاننامە ٧ خاڵە ڕەتدەکەنەوە، کە لەلایەن هیزێکی سیاسییەوە داڕێژراوە.

– ئۆپۆزسیۆن یاری بە هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان دەکات و فریان بەسەر چالاکی و دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە نییە، چونکە ئەوانە کەمیینەن و دەسەڵات لەسەدا ٧٠%ی خەڵکی کوردستانە.

– سەرانی گۆڕان سوکایەتی بە جەماوەری هەولێر دەکەن و دەیانەوێت باری ئەمنی هەولێر تێکبدەن.

– دوژمنانی کورد سەلماندیان کە پارتی پێشڕەوە و بە پێشڕەوی دەمێنێتەوە و هەم پارتییە بو وایکرد نەیارەکانی بێنە سەرچۆک و لە مێژوی دامەزراندنیەوە، بۆ ٧٢ ساڵ دەڵێت لە هیچ دۆخێکی کوردستان هەڵەی نەکردوە.

– پارتی هێزی یەکەمە و بەکوێرایی چاوی ناحەزان هەر بە گەورەی و یەکەمی کوردستان دەمێنێتەوە.

– هەر کاتێک پێویست بە قوربانی بکرێت، ئەوا پارتی لە پێشەوە دەبێت، بەڵام هەرکاتێک وەختی دەسکەوت خواردن بێت، ئەوا خەڵکی تر لە پێشەوەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

## ئەنجام:

لەکۆتایدا توێژینەوەکە، گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانە:

١-ئامرازی (چەواشەکاری) وەک ئامرازی جەنگی دەرونی، لەلایەن ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکەدا، لە هەمو ئامرازەکانی تر زیاتر بەکارهاتوە بۆ بەرپاکردنی جەنگی دەرونی، کە دەکاتە ٤٠٪ سەرجەم ئامرازەکانی تر، بە جۆرێک ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ڕوی ژمارەوە لە پێشەوەی ڕۆژنامەی خەبات دایە، کە ڕێژەی دوبارەکردنەوەکەی دەگاتە ٥٤٪ و لە بەرامبەردا، ڕێژەی ڕۆژنامەی خەبات دەگاتە ٤٦٪ی بەکارهێنانی سەرجەم چەواشەکارییەکان.

بەدوایدا ئامرازی (پروپاگەندە) هاتوە، کە دەگاتە ٢٧٪ی کۆی ئامرازەکانی جەنگی دەرونی، لەو ڕێژەیە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٥٩٪ی سەجەم (پروپاگەندەکان) پێکدەهێنێت و لەبەرامبەردا ڕۆژنامەی خەبات ٤١٪ی تیکرای پروپاگەندەکان پێکدەهێنێت.

هەروەها ئامرازی (واتەوات) بە پلەی سێیەمی ئامرازەکانی جەنگی دەرونی هاتوە و لەو ڕوەوە ڕۆژنامەی خەبات پێش ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کەوتوە، کە تیایدا ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە ٥٦٪ی کۆی (واتەواتەکان) و لەبەرامبەردا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٤٤٪ی کۆی واتەواتەکان پێکدەهێنێت.

٢-بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەستەواژەی (ئاژاوەگێر) لەناو دەستەواژە توندەکان بە پلەی یەکەم هاتوە، کە وەک (جەنگی دەرونی) لەناو گوتاری ڕۆژنامەگەری کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەگەڕخراوە، بە جۆرێک دەگاتە ٤٣٪ی سەرجەم دەستەواژە توندە بەکارهاتوەکان، کە ڕێژەی دوبارەبونەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەگاتە ٥٢٪ و لە ڕۆژنامەی خەبات دەگاتە ٤٨٪. هەروەها دەستەاژەی (بەکرێگیراو) بەپلەی دوەم هاتوە، کە ١٤٪ کۆی دەستەواژە توندەکان پێکدەهێنێت و لەم ڕوەوە ڕۆژنامەی خەبات بە ئەندازەیەکی زۆر پێش ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کەوتوە لەڕوی بەکارهێنانییەوە، بەجۆرێک ڕیژەی دوبارەکردنەوەکەی دەگاتە ٩٢٪ی سەرجەم دەستەواژەکە و لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەگاتە ٨٪.

٣- بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت زۆرترین هەڵمەتی جەنگی دەرونی لە ڕوداوەی ١٧ ی شوبات و ڕۆژانی دوای لە ساڵی ٢٠١١ و هەڵمەتی کێبرکێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٨، لەلایەن ڕۆژنامەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەرپاکراوە.

٤-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستوە هەردو ڕۆژنامەکە لە ڕوداوەکانی نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان، جەنگی دەرونییان ئاراستەی (لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی دەسەڵات و لایەنە ئیسلامییەکان و چالاکوانانی سەربەخۆ و پیاوانی ئاینی) کردوە، بەڵام لە میانی هەڵمەتی کێبرکێی هەڵبژاردن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زیاتر پەیامی جەنگی دەرونی ئاراستەی (پارتی دیموکراتی کوردستان ) کردوە و بە پێچەوانەشەوە ڕۆژنامەی خەبات گوتاری جەنگی دەرونی ئاراستەی (یەکێتی نیشتمانی کردوە).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

٥- زۆربەی نوسەر و ئەو وتار نوسانەی کە بابەتەکانی تایبەت بە (جەنگی دەرونیان) لە ڕۆژنامەکاندا نوسیوە، نوسەری تایبەتمەند و شارەزانیێن، بەڵکو کادری حیزبەکانی خاوەن ڕۆژنامەکەن، بۆیە ئاستی نوسینەکان زۆر لاواز و کرچ و کاڵی و شکڵئامێزیان پێوەدیارە، کە ئاماج لێی هەراسانکردنی نەیارە بە ئامانجکراوەکانیان بوە.

٦- لە میانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی (جەنگی دەرونی) ڕەچاو بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و گوتاری نەتەوەی کوردی، لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە نەکراوە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردە و پێشنیازانەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار پێشکەشکردوە:-

١- باشتر وایە ڕۆژنامەگەریی کوردی، بە ڕۆژنامەی حیزبی و ناحیزبی دور بکەوێتەوە لە جەنگی دەرونی لە دژی لایەناکانی نەتەوەی خۆی، چونکە بەپێی زۆر ئەزمونەکانی (جەنگی دەرونی) زیاتر وڵاتێک لە دژی وڵاتێک یا خود نەتەوەیەک لە دژی نەتەوەیەک یاخود پەیرەوانی مەزهەبێکی دیاریکراوی ئاینی لە دژی مەزهەبێکی دیاریکراوی تری نەیاری بەرپای کردوە، تا نەگاتە ئەوەی جەنگی ئاسایی ناوخۆی لێبکەوێتەوە، وەک لە بەشی تیۆری توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە زۆربەی جەنگە خوێناوییەکان پێش ئەوەی ڕوبدات، لایەنەکانی ئەو جەنگانە، جەنگی دەرونییان بەرپاکردوە، بەمانایەکی تر جەنگی دەرونی ڕێگاخۆشکەرە بۆ جەنگی کوشتاری.

٢- دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی توند و زمانی زبری زاراوەکانی وەک (ئاژاوەگێر، ناپاک، ئاشبەتاڵ، کەمژە، جاش هتد.... ) لەبری ئەوە دەشێت هاوماناى وەک (شکست، هەرەس، سەرنەکەتو، خەتابار، کەمتەرخەم ) بەکاربێت.

٣-باشتر وایە ڕۆژنامەگەریی حیزبی، جیاوازی بکات لە نێوان (نوسەر و ڕۆژنامەنوس) لەگەڵ (کادیری حیزبی) کە بابەتی سیاسی دەنوسن، جونکە پرۆسەی نوسین، پرۆسەیەکی تایبەتمەندی و شارەزایی گەرەکە.

٣- توێژەر داوا لە ڕۆژنامە کوردییەکان دەکات، لە کاتی ململانێ و تەنگەژەی سیاسی و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، بە شێوازێکی پێشکەوتوی سەردەمییانە چەمکی (ململانێی سیاسی) بەگەڕبخەن، کە ببێتە مایەی پەرەپێدانی سیاسی و دیموکراسی political and democratic develipment نەک ڕق وکینەی سیاسی کۆمەڵایەتی.

٤- پێوستە لەکاتی ڕوماڵکردنی دیاردە سیاسیەکان، ڕۆژنامەگەریی کوردی و بەتایبەتی ڕۆژنامەی پارتە سیاسییەکان ڕەچاوی بنەما ئیتیکییەکانی ئاکاری کاری ڕۆژنامەنوسی بکەن.

٥- پروپاگەندەی میدیایی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و ڕوداوە سیاسیەکان، کارێکی ئاساییە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی بابەتییانەو سەردەمییانە، بۆیە توێژەر داوا دەکات، ڕۆژنامەگەری کوردی لە کاتی بانگەشەو پروپاگەندەی سیاسی، ڕەچاوی بابەتیبون لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی و نێشتمانی و نەتەوەیی بکەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27

# Repercussions of Psychological Warfare in the Kurdish Party Newspapers

**Bahroz Ali Rasul[1] - Omer Ahmed Remadhan[2]**
[1]Media Technical Department, College of Administration Technical, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Media Department, College of Administration Technical, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is part of the descriptive studies. It describes (psychological warfare) in the discourse of Kurdish political parties press.One of the most important goals of this research is to show the psychological warfare inside the political parties press. This research gets to a conclusion of the fact that(disinformation ) is at the top of psychological warfare which is about %41. The second one is (propaganda) which is about %27. And (Rumors) comes as the third one by %26.On the other hand, the research shows the sample studies that have been used as psychological warfare against activists and protesters. On the other hand, during election campaigns the Kurdish political party's newspapers have used the psychological warfare against one another. The psychological warfare has been used against all the political parties that have been part of the government or an opposition.

**Keywords:** Psychological Warfare, Partisan Press, Press Coverage.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27**

## سەرچاوەکان:

(بدر) احمد بدر، الاتصال الجماهير بين الاعلام و الدعاية، وكالة مطبوعات الكويت، ١٩٨٢.

(العانى ) بتول عبد العزيز رشيد العاني، قواعد التغطية الإخبارية للصراعات السياسية و التهجير في الصحافة الحزبية، دار غيداء للنشر، عمان، ٢٠١٨.

(حسنين) سمير محمد حسنين، بحوث الإعلام، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٩.

(الزبيدي) سامى الزبيدي، الحرب النفسية أهدافها و فن استخدامها، الزمان، ٢٠١٩.

( الجبار )سالم عبد الجبار، الحرب النفسية و اسلوب مواجهتها، مجلة الامن و الحيات، العدد ١٩٢، ١٤١٩ ه.

(الحمداني) حازم الحمداني، الاعلام الحربي و العسكري، دار اسامة للنشر، عمان، ٢٠١٥.

(حمزة) عبداللطيف حمزة، الاعلام و الدعاية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٤,٦

(كحيل) عبد الوهاب كحيل، الحرب النفسية ضد الاسلام، مكتبة القدس، القاهرة، ١٩٨٦.

(الشحف) فريد حاتم الشحف، الدعاية و التضليل الاعلامي، دار المحلاوي للنشر، ٢٠١٥.

(الكامل) فرج الكامل، بحوث الاعلام و الراي العام، دار النشر للجامعات، ١٩٨٩.

(التهامي) مختار التهامي، الري الحام و الحرب النفسية، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٩.

(السيد) معتز السيد، الحرب النفسية و الشائعات، دار الغريب للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٩٧.

الرضا) هاني الرضا، الراي العام و الاعلام و الدعاية، المؤسسة الجامعية للدراسات و للنشر، ١٩٩٩.

(حسين و عبدالله )يوسف علي حسين و حنين حاتم عبدالله، الاعلام النفسي، دار دجلة، عمان، ٢٠١٦.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27**

## پەراوێزەکان:

---

[i] بڕوانە ئەمانە:

- عومەر غەریب، گۆڕان دژی پێشمەرگەیە لە کەرکوک، ڕاپۆرت، کوردستانی نوێ، ژ. ٥٤٣٠، ٢٠١١/٤/١٥، ل ١-٢
- مونیرە مەخموری، ژنانیش قسەیان هەیە، ڕاپۆرت، کوردستانی نوێ، ژ. ٥٤١٩، ٢٠١١/٣/٣، ل١٧
- ڕاپۆرتی تایبەتی کوردستانی نوێ، سەرکردەکانی گۆڕان یەکریزی کورد لەت دەکەن، ژ. ٥٤٢٥، ٢٠١١/٣/٩، ل٨
- سەروتاری کوردستانی نوێ، نەوشیروان مستەفا، چۆن و بۆچی ڕاستییەکان دەشێوێنرێت.
- ڕاپۆرتی تایبەتی کوردستانی نوێ، پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی گۆڕان، ژ. ٥٤٣٦، ٢٠١١/٣/٢٥، ل٥
- سەروتاری کوردستانی نوێ، خەونی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ خەونی کورد یەک ناگرێت، ژ. ٥٤١٩، ٢٠١١/٣/١٧، ل١
- سەروتاری کوردستانی نوێ، خەونی نەوشیروان مستەفا لەگەل خەون کورد یەکناگرێتەوە، ژ – ٥٤٣٢، ١٧. ٣. ٢٠١١، ل ١
- ڕاپۆرتی تایبەت، پەیوەندییەکانی حیزبی بەعس و گۆڕان، کوردستانی نوێ، ژ ٥٤٣٦ – ٢٥. ١١. ٢٠١١ – ل٥
- بەشی هەواڵ و سیاسەت، هەڕەشەی دوکان داخستن و دیموکراسی کوجامەرحەبا؟ , کوردستانی نوێ، ژ ٥٤٢٢، ٦. ٣. ٢٠١١، ل ٢

تێبینی: ڕۆژی سەردانیکردنی ئەرشیفەکان، ٢٠٢٢/١/٢٥

[ii] بڕوانە ئەمانە:

– هەواڵ، ڕۆژنامەی خەبات، ژ ١٤٣٢، ٢٠١١/٣/٣، ل ١.

– سەروتاری ڕۆژنامەی خەبات، باجی شکاندنی کەرامەتی نەتەوەی قورسە، ١٤٣٢، ٢٠١١/٣/١٥، ل ١.

– ڕاپۆرتی ئاسۆ علی، گۆڕان لە بەغدا دژی خواستی نەتەوەی مامەڵەدەکات، ڕۆژنامەی خەبات، ژ ١٤٣٢، ٢٠١١/٣/١٥، ل ٣.

– ڕاپۆرتی تایبەت، ڕۆژنامەی خەبات، ژ ٣٧٢٣، ٢٠١١/٣/١٣. ل ١+١٣.

– سەرباز سالح، بەرپرسیاریتی و حەزەکانی گۆڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ ٣٧١٥، ٢٠١١/٣/٣، ل ٢.

تێبینی/ڕۆژی سەردانیکردنی ئەرشیف، ٢٠٢٢/٢/٢٠.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper27